فوئاد ڕەشید



# دەستوری نوێی عێراق

# چ جۆرە دەستورێك؟!

حزەیرانی 2005

فوئاد ڕەشید

# دەستوری نوێی عێراق

# چ جۆرە دەستــورێك؟!

حوزەیرانی 2005

## ڕوونکردنەوەیەك:

بابەتـــەکانی ئـــەم نامیلکەیـــە ســـەربەخۆ نوســـراون بـــەڵام لەبەرئـــەوەی کـــە هـــەموویان لەســـەر تـــەوەری ((دەســـتور)) نوســـراون بـــەباشمان زانـــی لـــە نامیلکەیەکـــدا بڵاوی‌بکەینـــەوە, لەبەرئـــەوە بابەتـــەکان وەکـــو باســـێکی یـــەك پارچـــە دەرناکەوێت... بۆ ئاگاداری خوێنەران...

# ناوەرۆك


- پێشەكی
- دەستوری نوێی عێراق: ئەركی بەرەی چەپ و پێشكەوتنخوازانە
- ٪97
- دەستووری نوێی عێراق.. دەوڵەتی ئیسلامی یان عەلمانی
- بەرژەوەندییەكانی خەڵكی چ جۆرە دەستورێك دەخوازێت
- دوا ووشە...

## پێشـــــەکـــی ..

بــەر لـەدەســـتپێکردنی دواهـــەمین جــەنگی عێــراق- ئــەمریکا, ئۆپۆزسیۆن لـە دەرەوەری عێراق کۆبوونەوەکانی خۆئامادەکردنیان بۆ دۆخـــی دوای رووخانـــدنی ڕژێـــم دەســـتپێکردو دوای چـــەندین کێـشمەکێش‌و جیـاوازی لــە تێڕوانینــەکان, دواجـار بــە)تــەوافوق) گەیشتنە ئەنجام..

دوای ڕووخاندنی ڕژێم ئەبوایە یاسایەکی کـاتی بـۆ بـەڕێوەبردنی عێراق دابمـەزرێت, ئـەمجارەش ملـملانێکـان هەڵیاندایـەوەو دواجـار (تەوافوق) جارێکی تر بووەوە بەناچاری‌و گەیشتنە ئەنجام..

بەدوای ئەمەشەدا مەسەلـەی هەڵبژرادن هاتە کایەوەو هەڵبژاردن سازکرا, ئەمجارەش ملـملانێکان هاتنەوە پێش‌و بگرە لـە هەموو کـات خەستترو قورستر بەڵام ئەمجارەش وەکو بلّێی ڕاهاتوون جارێکی تـر چوونەوە سەر سکەی (تەوافوق)و هـەر چـۆن بـوو بـەناو گەیـشتنە ئەنجام...

لـەدوای هەڵبژرادن نۆرەی دەســتەوورە, ئەڵبــەت ئەشـکرایە کـە ملـملانێکــان لـەبەرئــەوەی سەرپۆشــێکی تــەنکی (تــەوافوق) دراوە

بەسەریاندا, هیچ کۆتاییان پێنەهاتووەو جارێکیتر یەخەیان دەگرێتەوە..

بەم پێیە ئاشکرایە کە جارێکی تر هەر وەکو ململانێکە مسۆگەر ئەبێت, (تەوافوقەکەش) مسۆگەر بێت... بەڵام ئەمجارە چ ململانێو چ تەوافوق, لەگەڵ پێشوودا جیاواز دەبن, ئەمەش لەبەر دوو هۆیە بەلانی کەمەوە:

1) دەستور وەکو مەسەلەکانیتر کاتیو سادە نییەو بەڵکو پێناسەیەکە کە زۆر شت ئەبڕێتەوەو چوارچێوەی بۆ دادەنێ.
2) ئەمجارە خەڵکی نەخەریکی ئاهەنگی ڕووخاندنی رژێمو نە سەرقاڵی شەڕی لیستەکانی هەڵبژاردن دەبن (لانی کەم بەو خەستییە نابێت!). ئەمە جگە لەوەی کە خەڵكو لایەنەکانی دەرەوەی لیستەکانیش پێدەچێت لە تەجروبەکانی پێشوو دەرسێکیان وەرگرتبێت کە ئەمجارە وەکو لایەنێكو دەنگێك هەستی پێبکرێت.

کەوا بێت ئێمە لەبەردەم سەرەتایەکی نوێو دارشتنەوەیەکی تازەی هەندێك لە بنەماکانی ئایندەی ئەم وولاتەدابن, هەر بۆیە

چەندە بنووسینو کارو چالاکی ئەنجام بدەین بۆ بەشـداری چـالاکانە لـە پرۆسەی نوسینەوەو بڕیـاردان لـەسـەر دەسـتوری نـوێی عێـراق ئەوەندە توانیومانە هەم هەنگاوەکانی ئەمڕۆی خەباتمان بناسـین, هـەم هەنگاوی جدیتر بەرەو ئایندەیەکی باشتر بۆ خەڵکی مەحرومی ئـەم وولاتە بنێین....

با لـە ئاستی ئەم ئەرکە مێژووییەدابین..

بەرەو یەکدەنگی چەپو ئازادیخوازان, بەپشتیوانی جەماوەر.

**فوئاد ڕەشید**

## بابەتی یەکەم...

# دەستوری نوێی عێراق... ئـــەرکی بەرەی چەپو پێشکەوتنخوازی

پرۆســەی هەڵبــژاردن وەکــو پرۆســەیەکی سیاســیو مێــژوویی و چارەنووسساز سەرەڕای هەر لێکدانەوەیەکی سـلبیو ئیجـابیو تێـڕوانین بۆی پرۆسـەیەك بـوو شانـسی جێبـەجێکردنی پـێبڕا سـەرەڕای هـەموو کەمو کورتیو ئەنجامە خراپەکانیو هـەر ووردەکاریـەکی تـر کـە لێـرەدا جـێی باسـی ئێمـە نیـەو پێـشر لـەم بارەیـەوە قـسەو هەڵوێـستی زۆرو رۆشنمان بەیان کردووە.

بـــەرەی چـــەپو هێـــزی پێـــشکەوتنخوازی بەهـــەر هۆیـــەك بووبێـــــت لـــــەم پرۆســــــیەدا جـــــێو شـــــوێنی دیــــارو زۆر هەســـــتپێکراوی پێنـــــەبڕاو ئەمـــــەش لێکدانـــــەوەو هۆکـــــاری تایبەتی خۆی هەیە.

بەهەر حاڵ ئەم تێپەڕبوونەی بڕگەیەکی مێژووی بێکاریگـەری گـەورەی بـەرەی چـەپ نـەمانای وایـە لەمێـژووی نزیکـدا, کـە مەبەسـتم پرۆسـەی نوسینەوەو دانانی دەستووری نوێ عێراقە, جارێکی تر ئەم بەرەیـە هـەمان

ئاستی نەخوازراوو بێکاریگەری پێدەبڕێتەوەو نە خۆشخەیاڵیشم بەوەی کە لەپڕدا ببینە یاری-چییەکی سەرەکی گۆڕەپانەکە. بەڵام لەهەمان کاتدا پێموایە کە بەرەی چەپو پێشکەوتنخوازی ئەتوانێت بەشداری چالاکانە بکاتو جێوشوێنی دیاریشی پێببڕێت. ئەمەش بەو پێیەی کە بەشێکی سەرەکی کەم کاریگەری ئەم بەرەیە (خۆیی - ژاتی) بوو, بەوەی کە نەیتوانی وەکو هێزێکی یەکپارچەو یەك بەرنامە لەبەرامبەر باڵە قەومیو دینیو ڕاستڕەوەکانی تردا خۆی ببینێتەوە, بگرە لەبری ئەم یەك هێزیو یەك پارچەییەی بووە چەند بەشێك کە ئەنجامەکەشی هیچ لایەك بەتەنها نەیتوانی هیچ بکاتو بەکۆمەڵیش هەمووان ئۆتۆماتیکی نەڕژاینە ناویەك جۆگەوە.

من لێرەدا پێم باش نیە هەڵوێستی ناردوستانەی هیچ لایەك دیاریبکەمو ئەمەش بەخزمەتی ئەمڕۆو ئایندەمان نیە, بەڵکو گرنگ تاقیکردنەوەی دووەمە کە مەسەلەی دەستوورەو تادەگاتە ئەوەی لەوایەنە بتوانین بەبەرنامەی دروستو یەکگرتووانە قەرەبووی هەڵەی تاقیکردنەوەی یەکەم کە هەڵبژاردن بوو بکەینەوە. من خۆش خەیاڵ نیم بەوەی کە دەستوری نوێ ئەگەر ئێمە بەشداریمان کردو تاڕادەیەکیش

سەرکەوتووبووبین تیایدا ئیتر دنیایەکی تەواو جیاوازی پڕ لە رفاهیـەت‌و ئـازادی دابـین دەبێـت, بـەڵام هاوکـات دڵنیـام بەشـداری‌نەکردنی یەکگرتووانەی چەپ‌و بەرەی پێشکەوتنخوازی‌و دیموکراتی ئـەنجامێکی ترسـناکداری دەبێـت‌و بـاڵی سیاسـی‌و فکـری راسـتڕەوی کۆمەڵگـە دەستوری کۆنەپەرستی‌و سەرکوت‌و چەوساندنەوە لە هەگبەکەیدایەو نەك هەر ئەوە بگرە چەپ‌و پێشکەوتنخوازی یەکـەمین زەرەرمەنـدو پێکـراوی هەرەشکانی کۆنەپەرستی دەبێت.

دەسـتوری نـوێ سـەرەتایەکی سیاسـی‌و فەرهـەنگی‌و ئـابوری نـوێی ئـەم وولاتەیـە, ئـەم دەسـتورە لانـی کـەم زۆربـەی لایەنـە مـاددی‌و مەعنەوییـەکان ژیـانی خـەڵکی ئـەم وولاتـە پێناسـەو جـێگیر دەکـات, ئـیتر پرسـیار ئەوەیـە بـەرەی چـەپ‌و پێشکەوتنخوازی چاوەڕێی چیەو چی دەوێت؟

هـیچ کـەس‌و هێـزو رێکخـراوو ئۆرگـانێکی چـەپ‌و مـەدەنی‌و پێشکەوتنخواز نیە (بەتـەنها) بتوانێـت تـەرازووی هێزەکـان بگۆڕێـت‌و خاڵێکی ئیجابی تۆماربکـات بـەڵام دڵنیـام بەکۆبوونـەوەی ئـەم بەرەیـە لەشوێنێکی تر دەبین‌و بۆدنیای دەسەلەمێنین کە ئەم وولاتە لەپاڵ هێزو

لایەنە دینیو قەومیەکاندا بەرەی سۆسیالستو پێشکەوتنخوازیشی تیادا مەوجودەو قورسایی خۆی هەیە سەرەڕای هەر کەمو کورتیو نالەبارییەکیش لە دۆخی بابەتی عێراقدا.

ئێمەی هێزە چەپو سۆسیالیستو عەلمانیو دیموکراتو پێشکەوتنخوازو مەدەنییەکان ئەکرێت لەسەر زۆر شت زۆر تەبا نەبینو لێکدانەوەی تایبەتی خۆمان هەبێت بەڵام لەهەمان کاتدا زۆر پرۆسەو برگەی مێژوویيو بابەتی هەیە کە ئەنجامەکەی هەمووان پێکەوە زەرەرمەند یاخود سوودمەند دەبین کە دەستورو بەتایبەتی لەوەزعێکی وەکو ئێستای عێراقدا نمونەیەکی ئەو حاڵەتەیە کە ئەگەر بەتەواوی لەسەری پێك نەیەین دەکەوینە بەر لێپرسینەوەیەکی مێژوویيو ناحەقی بەرامبەر بە سەرەتاییترین مانای پێشکەوتنو ئازادی دەکەین.

ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر ئێمە پێویستە ئەگەر تەنانەت (بۆبڕگەیەکی مێژوویی کورتیش بێت) لەبەرامبەر مەسەلەی داڕشتنی دەستووری نوێی عێراقدا یەك دەنگو یەك هەڵویست بین. ئێمەی لایەنەکانی پێکهێنەری بەرەیەکی لەم جۆرە ڕەنگە بەلێکدانەوەی هەر (یەکەیەکمان) هەست بەگوشاری فکریو سیاسی بکەین لەخراپترین

حاڵەتـدا, بـەڵام ئـەوەی لـەم یەکگرتنەمانـدا بەدەسـتی دێـنین زۆر لـەوە گەورەترەو بەراوورد ناکرێت.

ئەمڕۆ ئیتر کاتی ئەوە هاتووەو لەوەش زیاتر دواکەوتن هـەڵناگرێت کە ئەم بەرەیە پێکبهێنین‌و بکەوینە هەنگاونان بەرەو ڕاگەیاندن‌و کردنی دەنگی چەپ‌و پێشکەوتنخوازی بە دەنگێکی واقعی‌و هەستپێکراو لەعێراق‌و دنیادا. لـەم پێناوەشـدا لـەڕووی سیاسـی‌و عەمەلیـەوە ئـەم هەنگاوانە گرنگی خۆی هەیە:

1) هەوڵـدانی هـەموو لایـەك بـۆ ئەوپـەڕی بـچوککردنەوەی جیاوازییـەکان‌و گـەورەکردنی خاڵـە هاوبەشـەکان ئەمـەش داوایـەکی میکـانیکی نیـە بگـرە واقعێکـی تایبەتی وادەخوازێت.

2) هەوڵدان بۆ کۆبوونەوەو بیرکردنەوە بۆ پێکهێنانی ناوەندێکی کاتی بەناوێکـەوە کـەو تـەعبیر لەمەسـەلەی دەسـتورو پێـشکەوتنخوازی بکات.

3) هـەموومان دەبێـت لـەم پێناوەشـدا وەکـو یـەك بەشـداری‌بکەین لەکارەکانمانـداو هـیچ موازەیـەدەو بـەراووردکردنێکی خـۆ بـە

بەرامبـەر(لـە ڕووی چـەندایەتییەوە) قبـوڵ نیـەو دەبێـت گرنگـی بەتاکـە کەسـەکانیش بـدرێت تادەگاتـە گـەورەترین ڕێکخـراوی سیاسـی.. ئەمـەش جـارێکیتر ئـەمری واقعـەو داواکارییـەکی خودی پرۆسەو مەسەلەکەیە.

4) بەسـتنی کـۆڕو سمینـارو حەملـەی ڕاگەیانـدنی بـەرفراوان لـەناوەوەو دەرەوەی عێـراق‌و هەوڵـدان بـۆ کۆکردنـەوەی هێـزی جـەماوەری تادەگاتـە سـوود وەرگـرتن لـەهێزو دەنگەکانی دەرەوەی عێراقیش.

5) هەوڵدان بۆ پەیداکردنی پشتیوانی جیهانی پێشکەوتنخواز.

6)....

7)...

من لێرەدا ووردەکاری‌و خاڵەکانی تر جێ‌دێڵم بۆئـەوەی لەئاینـدەدا هـەمووان بەگـشتی لـەم بارەیـەوە قـسەو کـاری خۆمـان بکـەین‌و چوارچێوەیەکی دەقیق‌و کاریگەرو دروستتر دابمـەزرێنین بـۆ ئـەم پرۆسـە گرنگـەش دواجـار هیـوادارم هـەمووان لەئاسـتی برپرسـیاری مێژوویی‌دابین‌و درکـی ئـەو ڕاستی‌یە بکـەین کـە کـارێکی لـەم جـۆرە

لەئێستادا هەنگاوێکی گەورەو گرنگە بۆ پێشەوە لەدنیای چەپو پێشکەوتنخوازیو عەلمانیەتو ...تروسکاییەکی ماددیو مەلوسیشە بۆ زەحمەتکێشانو مەحرومانی ئەم وولاتە...بایەکگرین...چیتر بەهانەو مەبرر نەماوە بۆ رەتکردنەوەی یەکێتی لەمەسەلەیەکی وەهادا.

***تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارە (9)دا وەکو مەقالەیەک بڵاوکراوەتەوە.***

## ٪97

ئەمــە ئــەو ژمارەیەیــە كــە زۆرجــار لەلایــەن كــەس‌و لایــەن‌و دەزگــا ئیسلامی‌یە شیعی‌و سونییەكان دەدرێــت بەگوێمانــدا كاتێــك بــاس لــە ئیسلامی‌بوون‌و نەبوونی خەڵك‌و وڵاتی عێراق دەكرێت.

ئەوان ئەم ژمارەیە زیاتر لەو كاتانەشدا بەكاردێنن كە دەكەونە ژێــر فشاری پرســیارو ڕووداوەكــان, بــە ســوودوەرگرتن لــەم ژمــارە وەهەی‌یــە خــــەڵكی دەكەنــــە قــــەڵغانی سیاســــەتەكانی خۆیــــان‌و لەبەرامبــــەر نەیارەكانیاندا بەكاریان دەهێنن.

ئەوان(مەبەستم لایەنە ئیسلامی‌یەكانە) دەڵــێن گوایــە ئــەم وڵاتــە 97٪ی خەڵكەكەی ئیسلامە وە تەنانەت هەندێك جــار وەهــا دەردەبــڕن كە ئەم (97٪)ە بەتەواوی مـوڵكی ئەوانەو حەقی خۆیانە بەداریان بدەن یان بەبەردا.

لەڕاستی‌دا دەربڕینی ئــەم ژمارەیــە مانــای سیاســی‌و (دیمــاگۆجی) خــۆی هەیــەو ناكرێــت لەســەری ڕانەوەســتین‌و ڕوونكردنــەوەو وەڵامــی دروست‌و واقعــی خــۆی پێ‌نەدەینــەوە. چــونكە ئــەوەتا لــە كاتێكــدا كــە

مەسەلەی دەستور هاتووەتە پێش دەبینین ئەم لایەنانە ئەوەندەی خەریکی بەکارهێنانی ئەم ژمارەو رێژانەن, ئەوەندە باسی (حەقبوونی) بیروباوەڕەکەی خۆیان ناکەن, وەکو بڵێی تەنانەت گرنگ باش و خراپ نیەو بگرە گرنگ زۆری‌و کەمی‌یە.

وەکو ووتمان ئەمڕۆ دەستور وەکو مەسەلەیەکی زیندوو ئامادەی زۆر چارەنووسساز لە بەردەماندایەو بەم پێ‌یە ئێستا عێراق (سەرەڕای هەر ساختەکارییەکی لە چەشنی ئەمەی لە هەڵبژاردنەکاندا کراو سەرەڕای هەر بڕیارێکی ژێر بەژێرو پێشەکی ئەمریکی) بەلاّم ئەم وولاّتە تاڕادەیەك لەبەردەم پێناسەکردنێکی نوێ‌دایەو بەقۆناغی رەسمیەت پێدانی زۆرێك لە چوارچێوەکانی ژیانی ئابوری‌و سیاسی‌و کۆمەلاّیەتی‌و فەرهەنگی‌دا تێپەڕدەبێت‌و هەر ئەمەش مایەی چارەنوسسازی ئەم قۆناغەیەو وامان لێدەکات کە تەنانەت ئەگەر بەشی زۆری خەباتی ئەم برگە مێژوویی‌یەشمان بەناوی دەستورەوە ناوبنێین خەباتی دەستوری (ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێت) ئەوا کارێکی ڕەوایەو ئەبێت هەرواش بکەین‌و لە ئاستی ئەم بەرپرسیارییە گەورەیە مێژوویی‌یەدا بین.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە باس لەمەسەلەی دەستور دەکرێت, ئەبینین کە ململانێو کێشمەکێشە سیاسیو فکرییەکان زۆر بەگەرمی دەستیان پێکردووەو سەرەکیترینو حەساسترین مەسەلەش لەم بازنەیەدا زیاتر دەچێتەوە سەر مەسەلەی ئایینی ئیسلامو (ڕێژەی) تێکلاوکردنی دین بەسیاسەتو دەستورو دەسەلاتو لێرەشەوە دەبینین کە چۆن ئەم 97٪ (ئەگەرچی هەندێك جار خاترمان دەگرنو دەیکەن بە 95٪ - 96٪) دەدرێت بەڕووی نەیارانی تێکەلاوکردنی دینو دەسەلاتدا.

لایەنگرانی تێکەلکردنی دینو سیاسەت هەر ئێستا لەژێر فشارێکی زۆردان لەم نێوەدا, ئەویش لەبەر چەندین هۆ لەوانە:-

1) نمونە فاشلەکانی تێکەلاوکردنی دینو سیاسەتیان دەدرێت بەڕوودا لە چەشنی ئەفغانستانو ئێران, سعودیەو کوەیتو... تاد.

2) کارو کردەوەی گروپە ئیسلامییەکان ئۆپۆزسیۆنەکانو بەعسییەکان کە ڕۆژانە زۆربەی ئەم وولاتەی لە خەلکەکەی کردووەتە بەرەکانی جەنگو کوشتارو خوێن ڕشتن.

3) كارو كردەوەكانی گروپە ئیسلامی‌یەكانی دنیا بەتایبەتی لـە چـەند ساڵی ڕابووردوودا تادەگاتە ئـەمڕۆ کـە چـۆن سـەدان هـەزار كـەس لەســەر دەســتی ئیــسلامی‌یەكانی جــەزائیرو ئێــرانو ئەفغانــستانو فەلەستینو...تاد. لەناودەچێو دنیایان كردووەتە پارچەیەك لە شـەڕو خۆتەقاندنەوەو فڕاندنو سەربڕینو...تاد.

4) كاروكردەوەكانی لایەنە ئیسلامی‌یەكان دەسـەڵاتدارەكان بەتایبـەتی هێـزە شـیعی‌یەكان لـە ناوەڕاسـتو خـوارووی عێراقـدا, كـە چـۆن بەزەبری هەڕەشەو تۆقانـدنو فتواكانیـان تاریكییـان سـوار سـەری ژیانی خەڵكی كردووەو هەموو مـافو ئازادییـەكانی تاكـە كـەسو ڕووە شارســتانیو پێــشكەوتنخوازییەكانی كۆمەڵگــەیان قاچــاغ كردووە.

5) بەگشتی خەڵك, تەنانەت ئەوانەشی كە مومـارسەی بـاوەڕی ئیـسلام دەكەن واتێدەگەنو قەناعەتیان وایە كە ئیسلامو سیاسـەت تێكـەڵ نەكرێتو ئەمـەش بەچەندین دەربڕینی جۆراوجۆر دەردەبڕن.

6)....

7)....

بەهەر حاڵ، لێرەدا ئێمە زیاتر مەبەستمانە کە ڕوونکردنەوەو ڕاستکردنەوە لەسەر ئەو ڕێژەیەی (97٪)ە بدەین کە وەکو ووتم باسێکی سەرەکیو تایبەتی ئەم داهاتووە نزیکە دەبێت قابیلی پشتگوێ خستن نیيە. هەر بۆیە لێرەدا بەم خاڵانە هەوڵێکی سەرەتایی دەدەم بۆ ئەم ڕوونکردنەوەو وەڵامدانەوەیە:-

1) پرسیار ئەوەیە" کە ئایا ئەم ڕێژەی (97٪)ە بەپێی کام سەرژمێریو کێ کردوویەتی، ئایا ئەم ڕێژەیە لەو ڕژێمەوە وەرنەگیراوە کە سەرۆکە پاڵەوانەکەی 99.99٪ی عێراقییەکان دەنگیان بۆ دەدا؟

2) ئەگەر واز لە سیاسەتو فکرو بیروباوەڕیش بهێنینو ئەمجارە بەپێوەری ماتماتیك(ریاضيات) بدوێین ئەوا ئەکرێت بپرسین کە ئایا ژمارەی مەسیحیيەکانی عێراق (کە لە زۆربەی شارەکانی عێراقدا گەڕەکیان بەناوەوەیە) هەروەها یەزیدیو کاکەییو مەزهەبەکانی ترو ئەو هەموو ئینسانەی تر کە سەر بەهیچ دینێکی نینو... تۆ بڵێی تەنها 3٪ی خەڵکی عێراق بن؟... بەڵێ دەزانین کەسمان نەبینی لە چۆڵەوانیەکدا

سـەربەخۆ بنێـژرێت, بـەڵام ئەمــە ناکاتــە ئــەوەی کــە هەرچــی لــە گۆڕســتانەکانی (ئیــسلامدا) نێــژرا ئــیتر ئێــوە هێڵێــك لێبــدەن‌و بــەم پێیــە دەســتوری وولاتێــك لــە قەبرســانەکەیەوە پێناســەو داڕێژراو بکەن.

ئێوە پێتان وایە ئەو (مسلم)ەی کە لەسـەر پێناسـەکان دەنوسـرێت لەلایەن کارمەندێکی رەگەزنامەوە (بێ‌ئەوەی لێمان بپرسێت سەر بەکام ئاینین), هەروەکو چۆن بێ‌ئەوەی سەیرمان بکات گەنم ڕەنـگ (حنطـي) لە خانەی ڕەنگی دەم‌و چاوماندا تۆمـار دەکـا, ئـیتر ئەمـە بـەس بێـت بۆئەوەی بڵێین کە خەڵکی عێراق هەموو ئیسلام‌و گـەنم ڕەنگـن‌و دواتـر ئێوە بێن دەستورێك لەسەرئەم بنەمایە فەرزبکەن بەسەر وولاتێکدا؟

3) پرسیار ئەوەیە ئەگەر 97٪ی عێراقیش غـەیری ئیـسلامی بوایـە, ئایــا ئێــوە ئامــادەبوون (ئەگــەر فــشاری خــەڵك واقــع نــەبێت) دەســتەبەرداری داواکــەتان بــن‌و دیــن لــە دەوڵــەت جیابکەنــەوە؟ بێ‌گومان نەخێر چونکە ئێوە کێـشەکەتان لـە گـەورەیی‌و بـچووکی ژمارەکاندا نیە, بگـرە ترسـەکەتان لـەو پووکانـەوەو نەمانتانـە کـە بەهۆی جیاکردنەوەی دین‌و دەوڵەت لە یەکتری بەسەرتان دێت.

4) پرسـیار ئەوەیـە کـە ئـەگرە 100٪ی خـەڵك ئیـسلامیش بـن‌و دەسـتوری (ئیـسلامی!) داوابکـەن لـە وولاتێکـی وەکـو عێراقـدا, دواتـر پرسـیارێکی تـر هەیـە, کـە ئایـا ئیـسلام بـەگوێرەی مەزهـەبی شـیعی بێـت یـان سـوننی؟! ئێمـە دەزانـین خـەڵکی سـەنگەریان لەیـەك نـەگرتووە لەسـەر مەزهـەب‌و مەسـەلەی شـیعەو سـونە, بـەڵام بەڕاسـتی حزبـە دینییـەکانی ئێـستا دەیانـەوێت ئـەم سـەنگەرە بەخـەڵکی دروسـتبکەن‌و ئەمـەش زەنگێکـی ترسـناکی حاڵـەتی بەئیـسلامی کردنـی سیاسەتی دەوڵەتی عێراقە.

5) ئێـوە بۆناچـن لـە هاوبیرەکانتـان بپرسـن, ئەوانـەی کـە لـە وولاتـە عەلمانیەکاندا دەژین, جابزانن دەسەڵاتی عەلمانی جگە لە سەپاندنی ناوەڕۆکەکـەی خـۆی کـە (جیاکردنـەوەی دیـن‌و دەسـەڵاتە) هـیچ سـوکایەتی‌و بەکـەم تەماشـاکردنێکی هـەتا بـۆ ئیمانـداران لـەو وولاتانەدا؟ بەڵام دیارە ئێوە خۆتان زۆر باش ڕاستییەکان دەزانـن‌و ترسی ئێوە لە عەلمانیەت لـە پەرۆشـیتانەوە نیـە بـۆ (موسـوڵمان) بگرە ڕێك ترسێکە لە سەر خودی خۆتان‌و سیاسەتەکانتان, ئـەگینا

هەر ئێستا خەڵکی عێراق بەقەدەر نان‌و ئاووهەوا پێویستی بە عەلمانیەت‌و هاوڵاتی‌بوونی یەکسان هەیە, تابتوانێت بەئارامی‌و بێ‌خەم بژی‌و ترس‌و دڵەڕاوکێ‌و شەڕە قەومی‌و دینییەکان لەسەر سەری لابچن.

6) بۆئەوەی زیاتر نەپرسین.... بۆئەوەی جارێکی‌تر بچینەوە سەر لایەنی ژمێرەیی (ڕەقەمی) ئەم باسەو وەڵامی واقعی بەو (97٪)ە بدەینەوە دەڵێین: ئەگەر قەناعەتتان بەهیچ لە باسەکانمان تا ئێستا نەهێنراوە, ئەوا ئێمە هیچ ناڵێین‌و تەنها یەك داوادەکەین کەئەویش ئەوەیە باڕاپرسییەك بکرێت لەناو خەڵکدا سەبارەت بەوەی کە ئایا خەڵکی دەیانەوێت دین‌و سیاسەت تێکەڵ بکرێت یان جیابکرێتەوە.

ئیتر ئەوکات قەزەمی‌و وەهمی‌بوونی ئەو (97٪)ە لە هەموو کات باشتر هەستی پێ‌دەکرێت.. ئەمە ئیتر بالەوەش گەڕێین کە وەکو ووتم کەمی‌و زۆری مەرج نیە حەق‌و ناحەق دیاری‌بکەن, بەڵام ئەڵبەت زۆر شت هەیە هێشتا نەباسمان کردووەو نە ڕوونمان کردووەتەوە, بەڵکو زیاتر باسەکە لەسەر ئەو (97٪)ەیە کە کردوومانەتە ناونیشان‌و دەمانەوێت لەسەر تەرازوویەکی واقعی بیکێشین.

## دەستوری نوێی عێراق
## دەوڵەتی ئیسلامی یان عەلمانی؟!

بـــەدوای هەڵبـــژاردن لەعێراقـــدا, ســـەرەڕای هـــەر ڕووداوو باســـێك کـــە هاتووەتـــە پـــێش یـــان دێتـــە پـــێش, بـــەڵام هـــیچ بابـــەتێك ناتوانێـــت لەقورســـایی بابـــەتی دەســـتور کـــەم بکاتـــەوە, بگـــرە هـــەر ئێـــستا بەچـــڕیو قورســـاییەکی زۆرەوە بووەتە باسو خواستی رەسمیو نارەسمی.

ئەڵبەتە سـەرەڕای ئـەوەی کـە دەسـتور بەرنامەیـەكو داهێنراوێکـی سیحری نیەو ئـەمیش قـابیلی چـەندو چۆنو پێـشێل کـردنو هێنـانو بردنە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بابەتێكو پێناسیەکی گرنگی هەمەلایەنـەی ژیانی خەڵکیەو تاراداەیەك ئەکرێت ئایندەی ژیانی سیاسیو ئـابوریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی لێوە بخوێنرێتەوە.

لە ڕاستیدا یـەکێك لـە سـەرەکیترین بابـەتو لایـەن لەدەسـتووری نوێی عێراقدا کە هەر ئێستا جـێی بـاسو لێکۆڵینەوەیـە, ئەوەیـە کـە ئایا دینی ئیسلام تاکە سەرچاوەی یاساکان دەبێت؟ یـاخود یـەکێك لـە سەرچاوەکانە؟ یاخود؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە هەرچیبێت, نیشانەی ئـەو

ڕاستیەیە کە (ئاستی) تێکەڵبوونی دین بەدەسەڵات (ئاستی) چۆنیەتی گوزەرانـدنی لایەنــە جۆراوجۆرەکـانی ژیـان لــەم وولاتــەدا دەبڕێتــەوەو ئەمـەش حەقیقەتە.

هەر چاودێرێکی سیاسیو هەر کـەس کـە بـەووردی بکۆڵێتـەوە لـە پێکهاتی سیاسیو فکریو تا دەگاتە حزبیو .. هتد لەم وولاتـەدا, بـەو ڕاسـتییە دەگـات کـە (تائـەمڕۆ) واقعیـەتێك هەیـە کـە (نـەڕێ بـە دامەزرانــدنی سیــستەمیو دەوڵــەتی دیــنی ئــەدات, وە نــەڕێ بــە دامەزراندنی سیستمی عەلمانی ئەدات). ئەمە واقعیەتێکـە, ئـیتر بـەدەر لەوەی کە چۆن بێت باشە یـان کامیـان باشـترە ئەمـە ڕاسـتیەیەکە, کـە خودی ئـەوەش کـە دیـن لەیاسـای بـەڕێوەبردنی کـاتی عێراقـدا, وەکـو (یەکێك لەسەرچاوەکانی یاسادانان دانـرا نـەك (تاکـە سەرچـاوە) ئەمـە سەلمێنەری ئەو حاڵەتەیە کە باسمان کرد.

ئەمە واقعەکەیە تائەمڕۆ.. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایـا لـە سـبەینێدا هەروا دەمێنێتەوە؟ تاد دوێنی هیچ کـام لەلایەنـەکان بـەدینیو ئـەوانی تریـشەوە زۆر جدیـنـەبوونو ڕەنگـە بـە لەبەرچـاوگرتنی ئاڵوگۆڕەکـانو ئاڵۆزکاوی وەزعـی سیاسـیو ئـەمنی عێـراق هیـچیان نەیانویـستبێت

دۆخەکە لەوە زیاتر لەخۆیانو لەیەکتر بشێوێنن بەتایبەت کە هێشتا دەستور لەبەردەمدا مابێتو سەنگەرێکی سەرەکی تری ئەم شەڕە لە دوورەوە دیاربووبێت.

ئەمانە هەموو بۆ دوێنێ وابوون بەڵام لە ئەمڕۆ بەدواوە, ئیتر کە مەلەفی دەستور دێتە پێش, زۆر شت دەگۆڕێت تەنانەت (توافق) مانایەکی تری دەبێت, تادەگاتە ئەوەی ئیتر کە دوور نیە ئەوانەی دەنگیان داوە بە لیتسیتێك بەشێکیان لە سبەینێدا نەبنە ئۆپۆزسیۆن یان لانی کەم رەخنەگرو ناڕازییەکی لیستەکەی, بۆ نمونە کوردێك هەر چۆن بوو برایە بەردەم سندوقی دەنگدانو دەنگی بە(کورد) پێدرا, ئێمە لێرەدا هیچی لەسەر نالێینو باسی ئێمە نیە, بەڵام ئەو کوردەی کە نایەوێت خەرمانی پێشکەوتنو ئازادی بەئاگری هێزە دینییە شیعیو سونیەکان بسوتێت, لە سبەینێدا مەعلومە دەنگ بەئاسانی بە(کورد) نادات بەڵکو دەنگ بەپاراستنی ئەو ئاستە لەپێشکەوتنو ئازادی (کورد) دەدا کەئێستا وجودی هەیە, بەم پێیە هێزەکانی کوردستان کە بەشدارن لە دەسەڵاتی عێراقدا لە بەردەم پرسیارو مەسئولیەتی گەورەدان!

مـن گومـانم نيـه كـه دوو هێـزی كـوردی وەكـو يـەكێتیو پـارتی نەسوتاون بۆ عـەلمانيەتو نەبوونی ديـن لـە دەسـەلاَتدا بـەزيانی خۆيـان دەزانن, بـەلاَم كێـشەكە لەوەدايـە ئـەمجارە مەسـەلەكە كوردسـتان نيـەو عێراقە, ئەمڕۆ ئيتر هێزی سياسی ئيسلامی شيعیو سوننی گـەورە لـە پێشبڕكێدان لەگەلێـداو بـەم پێيـە بەناچـاری ئـەبێت ئەگـەر عـەلمانيش نـەبێت (كـە نابێـت) بـەلاَم نـاڕازی بێـت لـەكردنی دەولـەتی عێـراق بەدەولەتی ئيسلامی, وەك ووتم ئەمـەش نيـشانەی عـەلمانیبوونيان نيـە بەقـەدەر ئـەوەی كـە ئـەم حالەتـە وەكـو زەنگێكـی مەترسـيدار دێتـە بـەرگوێيان, لەبەرئـەوەی لـە حالـەتێكی ئـاوادا لەلايـەك جـەماوەری پێـشكەوتووو كـراوەی كوردسـتانيان بەئاسـتێك لەدەسـت دەڕواتو لەلايەكی تريشوە ئەگـەر دەولـەتی دينیبێـت ئاشـكرايە كـە ئيـسلامی بەهێزە ئيسلاميەكان دەناسرێتەوەو ئەوكات زۆر مەعلوم نابێـت ئـەمان پارێزەری چینو ئيتر زاراوەكانی نيشتمانیبوونو ديموكراتیو.... دەكەونـە پـشتی عەمامـەو ڕەمـزە دينييـەكان. سـەبارەت بـە حزبـە عـەرەبیو عێراقييە ليـبڕالو غـەيرە ئيـسلاميەكانيش مەعلومـە هـەر تاڕادەيـەك دەكەونــە ئــەم بازنەيــەوەو ناچــارن هەلوێــستێكی هاوشــێوەی هێــزە

کوردییەکانیان هەبێت. هەرچی حزبە شیعەو سونیە ئیسلامیەکانیشن مەعلومە کە ئەمان ئەگەر تەرازووی هێزەکانو فشاری خەڵکی وازیان لێبێنێت دەقاودەق نمونەی تاڵیبانو کۆماری ئیسلامی لە هەگبەیاندایەو ئەگەر ئەوە نەکەن چیبکەن؟!

بەهەر حاڵ بائەمە مەسەلەی حزبەکان بێتو ئەڵبەت لەزووترین کاتدا لەم بارەیەوە هەموو شت دەبینین, بەڵام ئەوەی کە گرنگە جەماوەری خەڵکی عێراق, تەنانەت چیدەڵێنو چییان پێباشە؟

ئێمە دەزانین خودی جەماوەر تارادەیەك دابەشکراوەبەسەر حزبەکاندا, بەڵام جگە لەوەی خودی دەستور وەکو باسم کرد سروشتی تایبەتی خۆی هەیەو ڕەنگە هەندێك لەم پانتاییە جەماوەرییە حزبییەش بلەرزنێت, بەڵام بیرمان نەچێت لەدەوری ئەم حزبانە دەیان حزبو ئۆرگانو ... جەماوەرێکی زۆر هەیەو حزبەکانی دەسەڵاتی ئەمڕۆ ناتوانن ڕێژەی یەکلاییکەرەوە بەئاسانی ببپچڕن, ئەمە لە کاتێکدا کە لە ناوخۆشیاندا جارێکیتر دەکرێت دابەشبنو کە پێدەچێت هەرواش بێت, کەواتە بەم پێیە مەسەلەی دەستور پێدەچێت زیاتر مەسەلەیەکی براوە بێت لەسەر دەستی خەڵکی لەواقعدا, ئەگەر وایە خەڵکی چیبڵێن

و كام هەڵوێست وەربگرن لـەم لایەنـەوە کـە مەسـەلەی تێکـەڵاوکردنی دەسەڵاتو ئایینە؟

سەرەتا ئەبێت ئەوە بڵێین کە خودی شێواندنی زاراوەکان لە چەشـنی عەلمانیەت (بۆنمونە) هەر ئێستا کێشەیەکی گەورەیە لەتەواوی وولاتـانی عــەرەبیو عێراقیــشدا. ئــەمڕۆ لــەم وولاتەنانــەدا بــەئاگایی بێــت یــان لەبێئاگایی لەشەقامی عەرەبیدا خەریکـە ووشـەی عەلمانیـەت هاوتـای بێدینیو دژایەتی ئیسلام (تەنها ئیسلام)و غەربخوازو .. دەکرێت. ئەمە لەکاتێکـدا کـە عەلمانیـەت هـیچ نیـە جگـە لـە جیاکردنـەوەی دیـن لـە دەسەڵات.

ئیــسلامەکان لــە هندســتان داوای عەلمانیــەت دەکــەن!! بۆچــی؟... چــونکە بــاش دەزانــن کــە لەســایەی دەســەڵاتی دینیــدا لــە وولاتــی هندستان, ئیسلامەکان مەغدورو پلە دوو دەبن, کەواتە عەلمانیەت هیچ نییە جگە لە گەڕاندنەوەی پێناسە حەقیقییەکە بـۆ دەوڵـەت. ئـەوەی کـە دەوڵەت نەدینی هەیەو نە دیندارە, ئەوە تاکە تاکەی ئێمەیە کە ئـەتوانین دینــدار بــین یــان نــەبین, بــەڵام دەوڵــەت (وە بەتایبــەتی لــە وولاتێکــی وەکوعێراقدا) ناکرێت دیندار بێت.

عێراقی ئێمە وەك دەزانین تەنانەت ئەگەر 100٪ خەڵکەکەشی داوای دەوڵەتی دینی بکەن, بەڵام دواتر پرسیار ئەوەیە کە دین بەپێوەری کام مەزهەب: شیعە یان سوننە؟ پاشان حەقمانە بپرسین ئەو مومارەسات‌و کارە نەخوازراوانەی هێزە ئیسلامییەکان لە ناوەڕاست‌و خوارووی عێراقدا پیادەدەکەن ( کە هێشتا نەدەوڵەت دینی‌یەو نە خۆشیان تەواو کۆکردووەتەوە)؟ ئایا ئەوانە تەعمیمی بکرێ لەعێراقدا (بۆنمونە) ئایا نەك هێزە ئیسلامییەکان تەنانەت لیستی کوردیش لەپیشتیانەوە بێت ئەتوانن شارێکی وەکو سلێمانی بکەن بە نەجەف‌و فەلوجە؟

ئایا بە فەلوجەو نەجەف کردنی سلێمانی شەڕێك یان لانی کەم کردنەوەیەکی دەرگایەکی تری ئەزمە نیە لە عێراقدا؟

ڕاستی‌یەکی تر کە دەبێت دەستنیشان بکرێت ئەوەیە کە هەر ئەوەی کە بۆ یەکەمجار لە عێراقدا ئێمە خەریکی پیادەکردنی بابەتێکی لە چەشنی دەستورین, ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە لانی کەم بەوەی کە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی لەم بارەیەوە هێشتا لاوازەو نەك لەوەی کە خەڵکی باش‌و خراپی

خۆیــان جیاناکەنــەوە بگــرە بــەخودی لــە خــۆڕابینینو ئیرادەکردنــی هاولاّتیــەکی (ســەرکوتکراو) بــەوەی کــە ئایــا بــەفعلی ئــەوە ئــەوە دەنــگ دەداتو دەســتور دەبڕێتــەوە؟ ئایــا حزبــەکانی هەلّبــژاردن اســتغلالی ئــەم حالّەتــە تاچــەند دەکــەنو خــەلّکی ســڕدەکەن بــەوەی کە تەنها فێری بەلّێو نەخێریان بکەن؟

لێــرەوە دەلّــێم بەڕاســتی ئــەرکی خــەلّکی پێــشکەوتنخوازو ڕۆشــنبیرو هــەموو ئەوانەیــە کــە بەتــەنگ ژیــانێکی گونجــاو ئــارامو ئــازادی خەلّکیــەوەن. کــە بــەزووترین کــات بێنــە دەنــگو مــۆری خۆیــان بــدەن لــەم برگــە مێژوویــەی عێــراقو بــاش بــزانن کــە لــە دەرەوەی دەســەلاّتێکی تــر هەیــە کــە خــەلّك خۆیــەتی بەهاودەنگی لەگەلّ بەرەی پێشکەوتنخوازیو ئینسانیدا.

ئەمــە فرســەتی مێژوویــە بــۆ ســەپاندنی پێــشکەوتنخوازیو پاشەکشەیەك بە کۆنەپەرستی....و ناکرێت لێی دوابکەوین!!

## بەرژەوەندییەكانی خەڵكی چ جۆرە دەستورێك دەخوازێت؟

لــە بــچووكترین یاســاوە تــا دەگاتــە دەســتوری وولاّتێــك, ئــەوە بەرژەوەندییــەكانی خەڵكــە پێمــان دەڵێــت كــە ئــەم دەســتورە یــان فلاّنــە یاســا بــاشو پێــشكەوتووە یــاخود بەپێچەوانەوە.

دەســتور بەمانایــەك چــاووگی یاســاكانەو لێرەشــەوە, ئێمــە ئــەتوانین لــە دەســتوری وولاّتەكــەوە ئاســیی مــافو ژیــانو گــوزەرانی خــەڵكی ئــەو وولاّتــەو پەیوەندییــە جۆراوجۆرەكــان تارِادەیــەك بخوێنینەوە.

ئەڵبەت ئەمەش بەو مانایە نییە كە دەستور قابیلی پێشێلكردنو كلكو گوێكردنو نابەناویش وەلانان نیە لەلایەن دەسەلاّتدارانەوە بەڵكو ئەوەی زامــنی جێگیربوونی دەستورێكی گونجاو دەدات ئەوەیە خەڵك بەهۆشیارییەكی پێویستانەوە بۆ بنەماو جۆری ژیانو مافەكانیان, هەروەكو چۆن تەنانەت زەمانەتی بەكردەوەكردنی دەستورێكی باشیش جارێكی تر خەڵكی خۆیەتی.

هیچ یاسایەكی نوسراو لە هیچ شوێنێكی دنیادا نیە كە شەڕەكانو چەوساندنەوەی ئینسان حەڵاڵ بكات, بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا مێژووی بەشەرییەت مێژووی شەڕەكانە بەبەردەوامی.

هیچ كەسو لایەنێك لە ئەمڕۆی عێراقدا نیە بڵێ دەستورێكی ناوەڕۆك كۆنەپەرستو دژی خەڵكی دادەڕێژمو لەسەری دەڕۆم, بگرە هەموو لایەك وا پیشان دەدات كە نمونەكەی ئەو باشترینەو لە هەوڵی جێگیربوونی بەرنامەكەشیدایە. بەڵام لەم گێژاوی باشو باشانەدا لەم موزایەدە فكریو سیاسییە گەرمەدا, عێراقییەكان نابێتو ناكرێت پێوەرە واقعییەكانو چۆنێتی هەڵسەنگاندنی دەستورو بەرنامە باشو خراپەكان بەكارنەهێنن.

ئەو پێوەرو هەڵسەنگاندانە چینو خەڵكی لەم نێوەدا تاچەند دەتوانن شەبەحی دەستوری خۆی بەسەر سەری ئەهلی موزایەدەو خۆ بە وەكیل زانەكانی خەڵكدا بسووڕێنەوەو بەپرسیارو نارەزایەتیو هەموو ڕێگاو كەناڵە جۆراوجۆرەكان بێنە مەیدان, بێنە قسەو وجودی خۆی وەكو خاوەنی ئەصڵی مەسەلەكە بسەلێننو ڕێگا نەدات تەجروبە

کۆنەکانی دوو ساڵی رابووردوو کە بێگوێدانە دەنگو ڕەنگی ئەو تێپەڕین, جارێکی تر دووبارە بێتەوە؟

ڕەنگە لێمان بپرسن کە دانانی دەستور کاری (زانایانی دەستورە!)و ئەوە لیژنەو خەڵکی پسپۆڕی دەستورییە ئەم کارە دەبڕێتەوە.

بەڵام لە ڕاستیدا قورسکردنی نوسینەوەی دەستورو پیشاندانی پرۆسەکە کە بەو شێوەیەی کە خەڵك هیچ نەڵێتو هیچ نەکاتو تەنها دواتر بەبەڵێو نەخێر بەشداری بکات, مەعلومە کەمانای ئەوە ئەگەیەنێت کە خەڵکی نابێت رۆڵی سەرەکیو تەنانەت لاوەکیشیان هەبێتو ئەو ڕاپرسییەش کە بڕیارە بکرێت, هیچ نابێت جگە لە ڕەسمیەت پێدانی دەستورە موعەلەبەکەیان.

واقیع سەلماندوویەتی کە هیچ کەس وەکو خەڵك خۆی زاناو پسپۆڕ نییە لە داڕشتنی ژیانی خۆیدا کە دەستور تەنها گۆشەیەکێتی, ئێمە لاریمان نیە لە لیژنەو تەرتیب کردنی کارە فەنییەکان بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە دەتوانرێت چەندین کەناڵو رێگای جۆراوجۆر دابنرێن کە

ببێته هۆی ئەوەی کە خەڵکی بەشداری ڕاستەقینەو فعلی خۆیان بکەنو دەستورێکی (جەماوەری) بڕیننەوە.

ئەمڕۆ ئەگەر لە خەڵکی مەحرومی عێراق بپرسیت چیت دەوێت؟ ئەو کات وەڵامەکەی هەر زوو سەردێڕی دەستورە (جەماوەرییەکەت) بەئاسانترین شێوە پیشان دەدات.

هەر بۆیە بەڕاستی ئەگەر ئەم ورووژاندنە جەماوەرییەو ئەم بەگرنگ وەرگرتنەی ڕەئی جەماوەری نەبێت، مەعلومە کە ئەو دەستورەی دادەڕێژرێت، دەستوری هەر ئەوانە ئەبێت کە پێشترو لە دوو ساڵی رابووردودا تا ئەمڕۆ بینیومانە.

خەڵکی عێراق ئەمڕۆ پێویستیان بەدەستورێکە کە لانی کەم چەند بابەتو گۆشەیەکی سەرەکی ژیانیانی تیادا جێگیربکرێت، جا ئەگەرچی دەستور (بەمانا دەستوریو پێشتر پێناسەکراوەکەی!!) کورت بێژەو وردەکارییەکانی ژیانی هەمەلایەنەی خەڵکی تیادا نانوسرێتەوە، بەڵام دەکرێت هەندێك شتی تێدا جێگیر بکرێت یاخود هەندێك بابەت لەخۆ بگرێت کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێت ئینسان هەست بکات کە

ئەم دەستورە بەگشتی تەعبیرە لە دارِشتنی بەرنامەیەکی گونجاو بۆ ژیانێکی شارستانیو پێشکەوتوو بۆخەڵکی عێراق.

لێرەدا بەکورتی ئەتوانین هەندێك لەو بابەتانە (سەرەکیترینیان) باس بکەینو هاوکات بەئەرکی خۆمانی بزانین کە لەچوارچێوەی نوسینەوە بیگوێزنەوە بۆ مەیدانی عەمەلی- کۆمەلایەتیو بیکەینە هۆشیارییەکی گشتی لەناو خەڵکیدا, لەوانە:-

1) یەکێك لە هۆکارەکانی شەرِو بە پلە دوو کردنی هاوولاتیانو گەرمکردنی مەیدانی شەرِو دوژمنایەتی ناوعێراقییەکان مەسەلەی زۆرایەتیو کەمایەتییە پێویستە لە دەستوری نویدا زاراوەکانی (زۆرایەتیو کەمایەتی) ئیتر چ قەومی بێت چ مەزهەبی قەدەغە بکرێتو هەموو هاوولاتیان بەیەکسانیو وەکو یەك حسابیان بۆبکرێت. ئەگینا بەپێچەوانەوە ئەوا هەر لەئێستاوە مەعلومە کە ئەوەی پێی دەلێن عەرەبی سوننە, تورکمان, کورد, یەزیدی, مەسیحی, ...

ئەمانــــە لەچـــاو شـــتی تـــردا کەمایـــەتینو ئـــەبێت خۆیـــان ئامادەبکــــــەن بــــۆ جــــــەنگی نــــــارەوای (زۆرایــــــەتیو کەمایەتی).

خــــەڵکی عێـــراق بـــاجی زۆری ئـــەم ســـوکایەتیەیان داوەو ناکرێـــــت بـــــەهیچ جۆرێـــــك ڕازیـــــبن جـــــارێکیتر هێـــــزە بۆرژواییـــــەکان لـــــە ئێـــستاوە گۆڕەپـــانی جەنگـــەکانیان بـــۆ تەخت بکەن.

2) مەسەلەی نەتەوەکان, ئەمەش هەروەکو خاڵی یەکەم وایە بگرە باجی ئەمەیان زۆر قورستر بووە, لە ڕاستیدا خەڵکی عێراق بە هەموو نەتەوەکانیانـەوە, ئەگـەر ئەحزابـە قەومییـە کـوردو عـەرەبو شـیعییەکانو وولاتـانی دەوروبـەر لێیـان گـەڕێن, ئـەتوانن وەکـو زۆربەی وولاتانی تری دنیـا بەئاسـانی پێکـەوە بـژین, ئـەوە هـەوڵی بەبەرنامەی ئەملاولایە کە ئاگری دووبەرەکی قەومی خۆش دەکات, کـێ هەیـە نـەزانێت کـە بـەدوای رووخانـدنی ڕژێمـی بەعـسدا ئـەم کێـشەیە لەئـەمڕۆ ئـەهوەنو کـەمتر بـوو, پرسـیارەکە ئەوەیـە لـە کاتێکدا رژێمێکی وەکو بەعس دەڕوات, بۆچی خـەڵکی نەتـەوەکان

پێکـەوە ئاهـەنگیان گێـڕاو پێکـەوەو سـەنگەری شـەڕیان لەیـەك نـــەگرت, پرســــیار ئەوەیـــە بۆچـــی دوای ئـــەوەی ئـــەم نوێنـــەرە دیموکراتیانە سوارسەری دەسەڵات بوون ڕۆژ بەڕۆژ کێشەی قـەومو مەزهەبەکان قوڵتر دەبێت؟!

خەڵکی عێراق دەبێـت دڵنیـابن لـەوەی کـە ئـەم هێزانـە خـەریکی ئامادەکردنی سوپای شەڕی نەتەوەو مەزهەبەکانن (سیاسەتی ڕۆژانـەیان شاهیدی ئەمـەیە). هەر بۆیە جێگیر کردنی مافی یەکسانی هاوولاتیـانو قەدەغـەکردنی بەکـەمو زیـاد تەماشـاکردنی نەتـەوەکان یەکێکـە لـە گرنتیـەکانی بـەرگرتن بەشـەڕی نـاو نەتـەوەکان, وە چارەسـەربوونی ئـەم مەسەلەیە کردنەوەی گەورەترین گرێ کوێرەیـە کـە مـژدەی ئایندەیـەکی گەشاوەو زۆر ئینسانی پێیە بۆ سەرتاسەری خەڵکی عێراق.

## 3) جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت:

ئەڵبـــەت لەســـەر ئـــەم باســـە زۆرمـــان قـــسە کـــردووەو بـــەکورتی تـــەنها ئـــەوە دووبـــارە دەکەینـــەوە کـــە پێویـــستە لـــە دەســـــتوری نـــویدا ئـــایین وەکـــو مەســـەلەیەکی شەخـــصی تەماشـــابکرێت, وە پێویـــستە هـــەموو کەســـێك ئازادبێـــت

لەوەی کە مومارەسەی دینی خۆیان بکەنو هیچ فشارێك لەسەر عەقیدە بۆ سەر هیچ کەسێن نەهێنرێت.

تێکەڵاوکردنی دینو دەسەڵات بەدرێژایی مێژوو هەر کێشەی خوێن ڕشتنو پێشێلکردنی مافەکانو ڕقو کینەی (کۆمەڵایەتی!) بەدوای خۆیدا هێناوە. کە واتە ئەکرێت بەکورتی بووترێت (پێویستە هیچ دینێك بەسەر هەموودا فەرزنەکرێت, وە پێویستیشە ئازادییە شەخصیەکان بۆ هەموو لایەك پارێزراوبێت. هەموو کەس ئازادبێت, بەتەواوی لەوەی کە چ دینو مەزهەبێت مومارەسە دەکات یان ناکات).

## 4) هەڵبژاردن

زۆر زۆرن ژمارەی ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە دنیادا کراون. جا ئەم هەڵبژاردنە بۆ مەبەستێکی سەرتاسەری وڵاتی بووبێت یاخود بۆ هەڵبژاردنی ئۆرگانو دەزگایەکی بچوك, بەڵام زۆر کەمو بگرە نزیکە لەسفرەوە ژمارەی ئەو هەڵبژاردنانەی کە دواتر ئەنجامی باشی

لێکــــەوتبێتوەو جێگــــەی ڕەزامەنــــدی تەنانــــەت دەنگــــدەرانیش بووبێت..

ئەمە بۆ وایە؟

ئایا خودی هەڵبژاردن پرۆسەیەکی هەڵەو سلبییە؟

ئەڵبــــەت وەڵام ئاشــــکرایە, هەمیــــشە هەڵبــــژاردن باشــــترە لە فەرزکردنو دیاریکردنی پێشوەخت.

کەواتــــە کێــــشەکە لــــە خــــودی هەڵبژاردنــــدا نیــــە بگــــرە ئەصــــــڵی کێــــــشەکە بنــــــەماو چوارچــــــێوە ناکۆکــــــەکانی هەڵبژاردنــــە (باوەکانــــە) کــــە ناتەبایــــە لەگــــەڵ نــــاوەڕۆکی جوانی هەڵبژاردن.

یــــەکێك لــــەو خاڵــــە لاوازانــــەی هەڵبژاردنــــەکان ئەوەیــــە کــــە هەڵبژاردنــــەکان لــــە ســــەرەوە بۆخوارەوەیــــە یــــاخود بــــەزۆر ئــــەم ڕێــــچکەیەی پێئــــەدەن ئەگــــەر تەنانــــەت واش نــــەبێت, واتــــە خــــەڵکی لــــەبری ئــــەوەی نــــزیکترین کــــەس لــــە ژینگــــەو نــــاو بازنــــەی ژیــــانی ڕۆژانــــەی خــــۆی هەڵبــــژێرێت, بــــەم پێیــــە ئاراســــتەکە بــــەرەو ســــەرەوە بــــڕوات. بــــەڵام بەپێــــچەوانەوە لــــە

زۆربـــــەی هەڵبژاردنــــــەکانی دنیـــــادا ئـــــەو کەســـــانە دیاریـــــدەکرێن و هەڵدەبـــــژێردرێن کـــــە دوورتـــــرین کەســـــن لەخەڵك و ووردەکارییەکانی ژیانیان.

بـــەم پـــێی ئـــەوەش گرەنتیـــەکی تـــری ئـــازادی و ژیـــانی باشـــترو گـــوزەران کردنـــی سیاســـی و ئـــابوری و کۆمەڵا یـــەتی کۆمەڵگەیـــە کـــە هەڵبژاردنـــەکان لـــە خـــوارەوە بـــۆ ســـەرەوە بێـــت نـــەك بەپێـــچەوانەوە. بـــۆ نمونـــە دیـــاریکردنی نوێنـــەرانی شـــارو شارۆچـــکەکان لەلایـــەن خـــەڵکی ئـــەو شـــوێنانە خۆیانـــەوە بەهـــەموو کـــەم و کورییەکـــەوە باشـــترە و لانـــی کـــەم باشـــتر تەجـــسیم کردنـــی خـــودی ئـــازادی و هەڵبـــژاردنی زینـــدوو واقعـــی تـــرە لـــەوەی کـــە خـــەڵکی بەناچـــاری کەســـێك یـــان کۆمەڵـــە کەســـێکیان بـــۆ دیـــاری بکرێـــت و دواتـــر بەناچـــاری بـــە پێودانگـــە نـــەگونجاوەکان ئینـــسان ناچـــاری هەڵبـــژاردن بکرێـــت و هەڵبـــژاردن بکرێتـــە تـــەنها پرۆســـەیەکی مـــردووی بێناوەڕۆك و هیچی تر.

## 5) سنووری دەسەڵاتە سەربازی و ئەمنیەکان

بەدرێـــژایی مێـــژووی عێـــراق لـــەناو جـــەماوەری خەڵكـــدا, دیـــــاردەی ســــــەربازیو زاراوەكـــــانی ســــــەربازو ئـــــەمنو ئیـــستخبارات و....تـــاد. ئەمانـــە بەگـــشتی لـــە لایـــەك سەرچـــاوەی ترســـانو ســـەركوتی خـــەڵكی بـــووەو لەلایـــەكی تریـــشەوە جـــێی بێزاری بەردەوامی ئەم خەڵكە بووە لێیان.

كێـــــشەكە لەوەدایـــــە ســـــەرەڕای هـــــەر ئیدعایـــــەكی دەســـــەڵاتدارانی عێـــراق لـــە ســـەرەتاكانی ســـەدەی بیـــستەمەوە تـــا ئێـــستا ســـەبارەت بـــەوەی كـــە گوایـــە ئـــەم دەزگایانـــە بـــۆ پاراســـتنی خـــەڵكو عێـــراقو ئاســـوودەیی جـــەماوەرە, بـــەڵام واقیـــع ســـەلماندوویەتی كـــە دەزگـــا ســـەربازیو چـــەكدارەكان گەورەترین بەڵابوون بەسەرسەری خەڵكییەوە.

ئـــەمڕۆ لـــە كاتێكـــدا كـــە یەكـــەم شـــت دەســـت دەبرێـــت بـــۆ دروســـتكردنی ســـوپاو تەنانـــەت بێئـــەوەی هەنـــدێك لایـــەن شـــەرم بكـــەن بـــاس لـــەوە دەكـــەن كـــە گوایـــە ســـوپای عێـــراق نەئەبوایـــە هەڵوەشـــێتەوە, ئـــەوەتا بەبەرچـــاومانەوە مەســـەلەی پێكهێنانـــەوەی ســـوپاو دەزگـــا جاسوســـییەكان بووەتـــە كـــاری

یەکـــــەمی دەســـــەڵاتداران‌و ئەمـــــەش بـــــەبیانووی نـــــەبوونی ئاساییش.

بـــەڵێ ڕاســـتە کێـــشەی ئاســـایش هەیـــە لـــە عێراقـــدا, بـــەڵام ئـــاخر خـــۆ کێـــشەی ئـــابوری‌و کۆمەڵایـــەتی‌و سیاســـی لـــە کێـــشە ئەمنییـــەکان کـــەمترە نیـــە. کەچـــی نـــابینین هـــەنگاوی جـــدی‌و بەبەرنامـــە هـــەبێت بـــۆ ئـــەم کێـــشە بەردەوامانـــەی خـــەڵکی, ئەمـــە لەکاتێکـــدا کـــە رەنگـــە چارەســـــەری ئـــــەم کێـــــشانە بەشـــێکی زۆری کێـــــشە ئەمنییەکانیش بۆخۆی چارەسەر دەکات.

کـــەوابێت, خـــەڵکی عێـــراق بادڵنیـــابن کـــە هـــەر ئێـــستا دەســـــەڵاتداران‌و ئیمپریـــــالیزمی ئـــــەمریکی خـــــەریکی دووبارەکردنـــــەوەی یـــــەکێك لـــــە دیـــــاردەو ڕووداوە ترســـــناکەکانی رابـــــووردووی ئێمـــــەن, وە خـــــەریکی دروســـتکردنی ئـــەو ســـوپایەن کـــە ئاســـوودەیی‌و ئاســـاییش مەحاڵـــە لەپاڵیـــدا, بگـــرە ئەمـــە هێـــشتنەوەی تارمـــایی بەعسە جارێکی تر بەسەر سەرمانەوە.

خـــەڵكی عێـــراق دەبێـــت بـــە هـــیچ جۆرێـــك لەمـــە بـــێدەنگ نـــەبن, دەزگـــای ئـــەمنی ئـــەبێت شـــكڵو نـــاوەڕۆكی مـــەدەنی هـــەبێتو بـــەفعلی دەزگـــای پاراســـتنو بـــەدیهێنانی ئاسایـــشی خـــەڵكی بێـــت, ئەمـــە مومكینـــەو لـــە زۆر شـــوێنی دنیاشـــدا تاقیكراوەتـــەوەو ئەگەرچـــی هـــیچ خۆشخەیاڵییەكیـــشمان بەرامبـــەری نـــەبێت, بـــەڵام, لانـــی كـــەم دەكرێـــت لەئێـــستادا دەزگایـــەكی لـــەم جـــۆرە هـــەبێتو هـــیچ جـــۆرە دەسەڵاتێكیـــشی نـــەدرێتێ بـــۆ دەستخـــستنە نـــاو كاروبـــاری (سیاســـی)و بەتـــەواوی داماڵراوبێـــت لەهەر عەقیدەو سیاسەتێكی دیاریكراو.

## دوا ووشة ...

# جارێکی تر بانگەواز!

ماوەتەوە تەنها جارێکی تر پێدابگرینەوە لەسەر هەوڵی کۆبوونەوەمان..

جارێکی تر دەڵێین ئەمە فرسەتێکی مێژووییەو بوارێکە, ئەمە زەمەنێکە, ئەمە دەرفەتێکە بۆ هەموو هێزە ڕاستو چەپەکان, بۆ کۆنەپەرستیو پێشکەوتنخوازی بۆئەوەی تا زیاترین ئاست بابەتەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

لە عێراقدا کەم نین ژمارەی کۆمۆنیستو چەپو ئازادیخوازو رۆشنبیرو ڕابەرانی چینی کرێکارو توێژە کۆمەڵایەتیو ....تاد. ئەمە لەپاڵ بەشێك لە کلتورو مێژووی پێشکەوتنخوازی وولاتی عێراقی خۆی... ئەمانە زەخیرەن بۆ کارو خەباتی ئێمە, هیچ لایەنێك ناتوانێت لە ئێمە شۆڕشگێڕو حەقخواز تر بێت, کۆمەڵگەی عێراق سەرەڕای هەر فریوخواردنێکی بەلاّم ناخی پڕە لە بێزاریو نارەزایەتی بەڕووی دەسەلاّتدارانو ئۆپۆزسیۆنی ئیرهابیدا...

ئەمانــە هــەموو لــە خزمــەتی هەولّــەکانی ئێمــەدان (ســەرەڕای لەبەرچاوگرتنی دۆخی بابەتی نەگونجاو لە گشتیدا بۆئێمە). کـەوا بێـت با هەوڵەکانمان یەك بخەین, هاوپەیمانمان زۆر بکەین, بەکردەوە بچ ینە ناو باسی دەستورەوە.

بــــۆ پێــــشەوە بــــەرەو جێگیرکردنــــی دەســــتورێك کــــە لــــە بەرژەوەندی خەڵکی چەوساوەو بەشمەینەتی عێراقدا بێت.

***ـــــ کۆتایی ـــ***

"هێزو لایەنە قەومی و ئیسلامییەکان بەعەرەب و کورد لە بازنەی (ململانێ-تەوافوق)دا دەسوڕێنەوەو لە هەردوو حاڵەتەکەشدا هەر خەڵکی باج دەدەن. دەستوری نوێی عێراق دەبێت , ڕەنگدانەوەی ئەم ململانێ و تەوافوقە نەبێت.

ئەوە خەڵکە کە بەبەشداری چەپ و ئازادیخوازان بەر بەم ئەنجامە ترسناکە دەگرن.. دەبا پێکەوە تێبکۆشین بۆ دەستورێکی مەدەنی و ژیانێکی باشتر."

**فوئاد ڕەشید**

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق – 2005